Postbus 75562
1070 AN Amsterdam
Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95

Tel: 020 – 6935915 fax: 0847331167
06-30794349, 06-47988634

# یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــــــا"

## Koerdische Vereniging in Nederland "Midia"

ڕۆژ:2005/06/06

ژمارە: 50-06042005.KVN. SA

### پیرۆزبێت لە گەلی عێراق سەرکۆماری هەڵبژێردراو

بەڕێز و خۆشەویستی هەمووان جەنابی مام جەلال سەرکۆماری هەڵبژێردراوی کۆماری عێراقی فیدراڵی،

پاش سڵاو و ڕێز و خۆشەویستی بێ‌پایان،

بەناوی کارمەند و لیژنەی سەرپەرشتی هەموو بەشەکانی یانەی کوردی "میدیـا"وە لە هۆڵەندە، لە شارەکانی(ئەمستردام، ڕۆتردام، لیواردن، ئەنیشخدەی، دێلفت، هەنگلۆ، زوتەمیر، ئوترێخت، تیلبورخ و ئەنجومەنی گەنجان و ژنان)ەوە، بەگەرمی پیرۆزبایی لە خۆمان تێکڕایی گەلی کوردی قارەمان و جەنابی بەڕێز مام جەلال سەرکۆماری هەڵبژێردراوی کۆماری عێراقی فیدراڵی دەکەین.

بە بۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆز و مێژوویی‌یەوە کە سەرکەوتنێکی وا مەزن، بە هەڵبژاردنی بەڕێزی بە سەرکۆمار بێ گومانێن نوشستی بە دەستی ڕەشی تیرۆر ودیکتاتۆری‌یەت و حیزبی تاکڕەوی فاشی دەستەڵاتداری پێشوی عێراق، بە یەکجاری هینا.

"میدیـا" وەك ڕێکخراوێکی کوردی چالاك و پابەند بە هەموو پرنسیپەکانی کوردایەتی‌یەوە لە هۆڵەندە، لەو ڕۆژەوەی، کە لە ساڵی 1989 ەوە بۆ خزمەتگوزاری پەناهەندەی کورد لە ئەمستردام دروست بوین. لە پاش کاولکردنی کوردستان و ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، چالاکی و خەباتی ڕێکخراوەیی خۆی، لە دژایەتی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس دەست پێ‌کردووە و هەمیشە باوەشی بۆ شۆڕشگێڕانی بزوتنەوەی نیشتمانی کوردستان کردۆتەوە. لەم ڕۆژەدا کە دەبینین سەرکردەیەکی ڕێبازەکەی خۆمان، بە هەڵبژاردنێکی دیموکراسی و خەباتی پەرلەمانی دەبێتە سەرکۆمار، هەست دەکەین ڕەنجمان هاتۆتەبەر و دڵنیاین دایکی شەهیدان و ڕۆڵە و ژنانی پێشمەرگەی شەهید پێمان دەڵێن، کاروانی ڕێگە گەیشتۆتە مەنزڵ، پیرۆز بێت لە مام جەلالی سەرکردەی شۆڕشگێڕان و پێشمەرگەی ناوزەنگ و ئاوەژێ و چیاسەرکەشەکانی کوردستان، بنون چاو لێك بنێن ئەی شەهیدان، دیسان نێڵسۆن ماندێلایەکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مام جەلالی سەرکردەتانە بۆتە سەرکۆماری وڵاتێکی فیدراڵی پەرلەمانی.

پڕ بە دڵمان هاوار دەکەین دەپیرۆز بێت پیرۆز بێ کوردە جەژنی بوونی هەڤاڵی تێکۆشەر مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق.

لیژنەی

سەرپەرشتی یانەی کوردی" میدیـــــا" ی هۆڵەندە